# ڕوباری هەنگوین لە بەهەشت ، ڕوبـاری خوێن لە هەولێر

ئەمڕۆ بەیانی 2005\5\4 لە شاری هەولێر ، لە پاڵ تەقینەوەی 1 شوباتدا تەقینەوەیەکی تر دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجام درا ، بۆ جاری دووەم نوێنەرێکی خوا لە سەر زەوی ، قەسابێکی بێ ئۆقرەی جیهاد ، تا بتوانێ لە سەفەرێکی بێ گەڕانەوەدا لە 3 دەقیقەدا لە بەهەشت بنیشێتەوە ، تا بتوانێ لە وێندەر لە باخی میوەجاتی کەنار هەردوو ڕوباری شیر و هەنگوین کەڵبەکانی لە سینەو مەمی 70 حۆری گیر بکا ، 70 ماڵ و کۆلانی لە شاری هەولێر تازیە بارو ساردو سڕ کرد .

ئەمە جاری دووەمە لەسەر حیسابی جەرگی سوتاوی دایکان و لە سەر کوشتن و بڕین ، بە ئامانجی چاوترسێن کردنی خەڵکی کوردستان ، شاری هەولێر دەکرێ بە نەقلیاتی سەفەر و فڕین بەرەو بەهەشت ، ئەمە جاری دووەمە ڕۆبۆتێك بە ڕوخسار بنیادەم بە مێشك ئەنفالچی ، ڕوخساری فریودەرانەی بنیادەم بوونی خۆی دەکا بە ئامرازێك بۆ دزە کردن بۆ ناو خەڵك بۆ کوشتنی زۆرترین ژمارە ، ئەمە جاری دووەمە سوارچاکەکانی لەشکری جیهادو ئەنفال و دین ، هەمان نامەی هەڕەشە بۆ خەڵکی کوردستان دەنێرنەوە .

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە خەڵکی کوردستان بە سووربوون لە سەر جیاوازیەکانی فەرهەنگ و کۆمەڵگەی خۆی ، یەك دەست ، یەك وەڵامی یەکجارەکی ئەم نامانەبدەنەوە ، ئێستا وەختیەتی لە ڕێگای هەڵبژاردنی چارەنووسی سیاسی و دوا ڕۆژێکی تەواو جیاواز لە ئەلتەرناتیڤی عروبەو جیهاد ، وەڵامی لووت شکێن و یەکجارەکی بە هەموو ئەو پۆستەچیانەی جیهادو دین و ئەنفال بداتەوە .

**دەنگەکان**

04-05-2005